# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەراسەری پەنابەرانی عێراقی

زوریخ2007-12-14

# 19 مانگ مانگرتنی چەند رۆژەی پەنابەران لە سویسرا دەست پێدەکات




بەپێ راگەیاندنێك کە کە لە لایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە سویسراوە بە دەستمان گەیشتووە ،رۆژی 19-12-2007 مانگرتنێکی نارەزایەتی چەند رۆژەی پەنابەران لەشاری زوریخ بەهاوکاری کۆمەڵێك لە رێکخراوە پەنابەرێکان دەست پێدەکات ، لەپێناو بەرگری لەمافە ئینسانیەکانی پەنابەران ئەمەی خوارەوە دەقی راگەیاندنەکەیە:

## پەیوەست بن بە مانگرتنی چەن ڕۆژەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا و کۆمەڵێک ڕێکخراویتر لە شاری زوریخ

بۆ کۆتایی هێنان بە شەپۆلی ولامی نێگە تیڤ ، بۆ ڕێگەگرتن لە ناردنەوەی بە زۆری پەنابەران، بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ کەمپە گشتیەکان و لێسەندنەوەی هەموو مافێک بە مافی کارکردن و هەموو بیمە کۆمەڵایەتیەکان. بۆ لێنەسەندنەوەی مافی مانەوەی کاتی و ساڵانە. وە بۆ بە دەسهێنانی مافی مانەوە بۆ هەموو. فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا و کۆمەڵێک ڕێکخراوی سویسری و پەنابەری وڵاتانی تر، ڕۆژی 2007/12/19 لە شاری زوریخ مانگرتنێکی چەن ڕۆژە دەسپێدەکەن. وە هەر لێرەوە پێویستە ئەوە رابگەیەنین کە کۆمەڵێکی زۆر لە پەنابەری کوردی عێراق خۆیان ناونوسکردوە بۆ بەشداری لەم مانگرتنە ،ئێمە سەرەڕای دەسخۆشیمان لە تەواوی ئەو کەسانەی تا ئێستا بەشدارن لە ڕێگەی ئەم ڕاگەیاندنەشەوە بانگەوازی هەموو پەنابەرانی کوردی کوردستانی عێراق دەکەین بەشداری و پشتیوانی لەم مانگرتنە بکەن.

چەن خاڵێکی پێویست :

1. ئەم مانگرتنە ،نیشاندانی و ناڕەزایەتی بە کۆمەڵی ئێمەیە دژ بە بە زۆر ناردنەوەی پەنابەران و مانگرتن نیە لە خواردن.

2. شوێنی خەوو خواردن دابینکراوە و ئەو کەسانەی بەشداری مانگرتنەکە دەکەن ئەگەر لە شاری ترەوە هاتبن خەرجی هاتوچۆیان بۆ دەگەڕێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بلیتەکانیان نەفەوتێنن.

3. باشترە ئەو کەسانە مانبگرن کە ڕەفزیان هەیە ، ئیقامەی کاتی واتا ئێف یان هەیە، وەیان ئێن یان هەیە، بەڵام هەموو کەسێک دەتوانێ پشتیوانی مانگرتنەکە بکات.

4. مەرج نیە هەموو کەسێک بتوانێ هەموو ڕۆژەکان بمێنێتەوە، هەر کەس ئامادە بوو بەشدار بێت پێویستە پێمان ڕابگەیەنێ کە چەن ڕۆژ و کام ڕۆژ دەتوانێ بمێنێتەوە.

5. ئەو کەسانەی کە ئامادەن بەشدار بن ،ناوو ژمارە تەلەفون و ناونیشان و کۆپیەکی پێناسە کانیان بە ئێمە بدەن.

6. کاتی دەسپێکردن و شوێنی مانگرتنەکە بە هەموو ئەو کەسانەڕا دەگەیەنری کە بەشداری دەکەن.

بە ئومێدی مانگرتنیکی سەرکەوتوو
فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا
2007/12/13

تکایە بۆ خۆناونوسکردن یان هەر زانیاریەکی تر پەیوەندی بکەن بە نوینەرانمان لە شارەکان:

***ئەحمەد عەلی.0788532004***
***جەمال کۆشش 0787557786***
**زوریخ/موحەمەد عەبولکەریم 0786754781**
**حیسام عەلی0764076321**
**بێرن/شەهاب سالم0764950577**
**سەنتگالن/فازل عوسمان0797266974**
**خور/ئیسماعیل شێخۆ0774053523 ناسیح ئەحمەد 0788794566**
**دانا عوسمان0792670277**
**توون/کازم قادر0764927349**
**ناوشاتێل/جەبار موحەمەد0786420560**
**زیۆن/ڕێبوار ئەحمەد 0765314580**
**ئاراو/ئەنوەر مەحمود عەبدوڵا 0764147532**

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile:

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

www.csdiraq.com